کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
28-11-2007 1:44بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## مرۆڤ دۆستی پیشەی دکتۆر و بێویژدانی دکتۆرانی کورد ... سامان فاروق

(فەقیر نەخۆش بکەوێت بمرێت باشترە بۆخۆی ئیسراحەت دەکات) دکتۆرێکی کورد



زۆرن ئەو کەسانەی کە هاوڕا و کۆکن لەبارەی وروژاندنی بابەتێکی لەم جۆرە پێموایە لەسەدا سەد زۆرێک لەهاوڵاتیان لەگەڵ ناوەرۆک و تایتلی وتارەکەمدان... هیچ بابەتێکیش ناچێتە پۆلێنی کێشە و ژانی گەلەکەمان ئەگەر ئاخ و داخی بۆ هەڵنەکەێشرێت و ڕێکاری پێویستی لەبارەیەوە بۆ نەگیرێتەبەر.

ئێستا بەبێ ئەوەی بەدوای بەڵگەدابگەڕێین، یەکڕاست بە هەزارەها بەڵگە و وێنە نوکیان دەبێتە تیری خۆیی و بەوێنەی سکرین ڕۆژانە بە بەرچاوی ئێمەوە دەڕوانن، خوێنەرانی خۆشەویست ناواخنی بابەتەکەم لەسەر زۆر خراپی ڕەوشی تەندروستی یە لە هەرێمی کوردستان کەچۆن چۆنی هاوڵاتیانی ناچارکردووە شێل گیرانە پانا بۆ دەرەوەی وڵات و دکتۆری بیانی ببەن... کێ هەیە لە ئێمە نەیبیستبێ کە هاودەمێکی پەنای بۆ تیمێکی دکتۆرانی بیانی نەبردبێ، کە ئەوانیش مەگەرخوابزانێ چەندپارەیان لێبەردابێتەوە و لچکی فەردەی پارەی ئەم بریمەرەی خۆمانیان پێ هەڵنەتەکاندبێت.

ئەگەرچی تیمی دکتۆرانی بیانی ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و لایەنە ماددیەکەیان مەبەستبێت، خۆ لایەنە مرۆیەکەشیان ڕەچاو کردووە تا ڕادەیەکی باش، بەڵام وەکو گۆرانیەکەی هونەرمەندی کورد ماملێ (دکتۆرو جەڕاحی بیانی لە کوردستان بەمن چی) .... بە دیدی من دکتۆرەکانی خۆمان جەهالەتیان لە لوتکەنەبوایە و ویژدانیان لەماڵەوەیان جێ نەهێشتبایە، و داسەکانیان بەملی هەژاران نەسوابوایە، وەزیر و وەزارەتی تەندروستی ڕۆژیان بەم ڕۆژە نەدەگەیشت.

ئایا حکومەت ساوایە یاخود عەقڵی دکتۆرە قەسابەکانمان پێنەگییووە، دەناتووخوا بووە لە عەیادەی دکتۆرێک بە ڕۆژێک (60) نەخۆش بەڕێ بکرێت، بەشەرتێک هەرجارە و پێنج تا شەش نەخۆش لە ژووری دکتۆر دانیشتوونە، توخوا ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە لە بیمارستانەکانی جەنگی جیهانی دووەمیش بینراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تاوەکو ئەم لەحزەیە چەندەها منداڵ و پیرو خەڕۆ سەقەت و پەقەت کراون و هەتا قەبراندنیشیان!!!! ئایا ئەمە فیلمی خوێنی خەڵکی هەژار نیە بۆپەرداخی دکتۆر یان بۆ جۆشو خرۆشی خەڵوزی گۆشت برژاندن، وە ئایا ئەمانە دوژمنێکی شاراوەی ڕۆژنینە؟.

هاوسۆزانی وڵاتەکەم خەمخۆرانی نووستوو، ڕێتان نەکەوتۆتە عەیادەی دکتۆرێک بۆتەنهاجارێکیش بێت، ئاگاتان لێنیە کەچۆن لەکونێکی تاریکەوە بە وێنەی قومارخانە دکتۆرەکانی وڵاتەکەم گیرساونەتەوە و تەنها کاریان دەرمان نووسینە نەک چارەسەرکردن، هەروەها لە جیاتی دەست نیشانکردنی دەردی نەخۆش کاریان لەسەر شەک و گومان و هینە؟!! توخوائازیزانی خاوەن جەواز سەفەری دپلۆماسی ئەمە لە یاری کەرەمستانێ و بات باتێن ناچێت.

ڕاکەن چمکی جاجمێکی تەڕ ڕابکێشن و بەخۆتانی دابدەن باشتر نیە حەکیم و لوقمانانی وڵاتەکە نەگبەتەکەم، کە بەشاندێکی زانستی و ڕاهێنان ڕەوانەی وڵاتێکی دەرەوەی هەرێم دەکرێن تافێری دیاردەی و دەرهاویشتە مۆدێرنەکان ببن، بەڵام لەجیتای ئەوانە شەو لەباوەشی سۆزانی ڕۆژدەکنەوە و لە چێشتخانەکانیش داوای کنتاکی و ستیکی گۆشت دەکەن... بەبێ ئەوەی زەڕەیەک بیر لە پیشەکەتان بکەنەوە و بیرلە داهاتووی گەلەکەتان بکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
28-11-2007 1:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە یەکێک لە بیمارستانە تایبەتیەکانی شاری قەڵاو منارە چەنددکتۆرێکی خۆمان کە خاوەنی بڕوانامەی (بۆرد) ن وەک ژمێریار لە خزمەتی تیمی دکتۆرانی بیانیدان، یان وەزیری تەندروستی نەخۆشخانەی تەواری خاوەن چەندەها قەرەوێڵەمان بۆ دروست دەکات، دەبوو وەزیر بیری لەوەشبکردایە کە خۆ ئێمە لە بنەڕەتدا دکتۆرێکی پسپۆرَمان نیە کە جیگای ئومێد بێت، پێموایە ئەمە ڕێک وەکو یاریگا جوان و قەشەنگەکەی سعودیایە کە چۆن لە بێ یاریزانی ئاست بەرز دەیناڵاند.

بۆچی دوورلە چاوی خەڵکەوە تەندەری داو دەرمان هێنان بۆکوردستان لەسەردەبێتە گوێ فڕکانێ و لە بەینی چەند قەڕاسینەیەک حەپەلووشدەکرێت، ئەدی بۆ نادرێت بە چەک کەسانێکی بەویژدان و ڕاستگۆ و مرۆڤ دۆست؟ !!

لەکۆتاییبیدا وتارەکەم بە بەسەرهاتێکی راستەقینە بەکۆتادەهێنم دەگوترێت بەلیندەریکی دەرمان هێنان کەلەیەکێک لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ یە، نەخۆش دەکەوێت و زەلیل دەبێت، کورەکانی پێی دەڵین با بتبەینە لای دکتۆر، ئەویش دەڵێت چاوەکەم دەرمانی ئێرەم مەدەنێ و دەرزی ئێرەشم لێەمەدەن هیچ کەڵکی نیە!!!! ئەمە خۆشی بۆ هەرێمی کوردستان هێناویەتی.

Saman.faruq@yahooo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.